خالید عەبدول

# خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ "کرێوەی مەرگ و پێکەنین"ی فایەق نامۆ




"کرێوەی مەرگ و پێکەنین" ناوی یەکەم کۆشیعری "فایەق نامۆ"ی شاعیرە و لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپخانەی شڤان بەتیراژی ٥٠٠ دانە چاپ کراوە.

ئەم کۆ شیعرە لە ٣٤ شیعری جۆراوجۆرو ئۆپەرێتی شیعری "رووبارە گەورەی هەرێم" پێکهاتووە.

گرینگی کتێبێکی شیعری لەو ساتەدا دەردەکەوێت. کە خوێندتەوە و شیعرەکانی دوو توێی تەلیسمیان هەبێت، هێز و جوانییان داویان هەبێت، بتگرن و تێکەڵ بەخۆیانت بکەن. لەگەڵ خۆیاندا جێگە بەجێگە بتگێڕن و هەمیشە وێڵی دوای مەبەست و هەنگاوەکانی خۆیانت بکەن،

کاریگەرییان ئەو کاتە دەردەکەوێت کە خوێنەر وا لێ بکەن کە خۆیان ئەو شیعرانەیان وتبێت. یا خۆیان شاعیرەکەن، یان وا هەست بکەن کە شاعیرەکە، کە شیعرەکەی نووسیێیتەوە بەڕاستی لەگەڵ ئەواندا ژیاوە، یاخۆ هەر دوور بەدووریش لە ناخی هەموویان گەیشتووە، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەیاندا ئەو حەزەت لە لا دروست دەکەن کە دەستبەردariyan نەبیت.

بۆیە کاتێ کتێبی شیعری "کرێوەی مەرگ و پێکەنین"ی فایەق نامۆی شاعیرم خوێندەوە، شیعرەکان کاریگەرییان لەسەر دانام و لە کۆتاییشدا خوێندنەوەم بۆ کرد و مەبەستیشم ئەوەبوو کە خوێنەری کورد بەو شیعرانەی فایەق نامۆ ئاشنا بکەم و ئەوان لە فایەق نامۆ تێ بگەن و لە ئاستی شیعرەکانی شارەزابن، بەتایبەتی داستانی خولەپیزە کە شیعرێکی درێژی ناو کتێبەکەیە، لەگەڵ ئۆپەرێتی "رووبارە گەورەی هەرێم" کە ئۆپەرێتێکی شیعری منداڵانە و لە کۆتایی کتێبەکەدا جێگەی خۆی گرتووە.

ئەوەی ورد و لەسەرخۆ تاکە شیعرەکان بخوێنێتەوە بەڕوونی بۆی دەردەکەوێت، کە زمانی شیعری پاراوە و رستە و دەستەواژەکانی سادە و بەچێژە، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر گەشبینە و بەرچاو روونە. ئەو شێوازەی وای کردووە کە زوو لە بیر و هۆشی خوێنەردا جێی خۆی بکاتەوە. شیعرەکان بەدەربڕینێکی جوان دەربڕاون. ئەمەش تایبەتمەندی داوە بەشاعیر کە سادەکار بێت. شیعریش وەک دەڵێن هەمیشە دەنگی ناڕەزایی ناوەوەی شاعیر "مرۆڤ"ە کە خۆی درکی پێ کردبێت:

**لەم شەوە کۆچەدا**

**دەبێ چەند منداڵ و**

**پەککەوتە،**

**جواناوی گیانەڵا بتکێنن..؟!**

**یان بەردی مەرگەکان،**

**ئاوێنەی ئارامی چەند دایک و**

**کۆستکەوتە بشکێنن..»**

لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا تەمومژ نابینی. خوێنەر لە هەر ئاستێکدا بێت چێژی خۆی لەو شیعرەی کە دەیخوێنێتەوە وەردەگرێت.

شاعیر بەبەهرەیەکی شاعیرانە شیعرەکانی نووسیوە لە چوارچێوەی تابلۆدا

دایڕشتوون. لە خوێندنەوەیاندا ڕەوانی و بێ گرێ و گۆڵیت بۆ دەردەکەوێت و دەزانی کە زۆری لە خۆی نەکردووە لە داڕشتنیاندا.

**چۆن قرچەی سووتانێ..!**

**چۆن قوڵپی هەنیسک و**

**چۆڕاوگەی**

**فرمێسکی چاوانێ..!**

**ئەم مرۆ فریشتە ئاسایە**

**سووتانێ دەسووتێ**

**بە جۆشتر لەو لالە و چرایە..!**

**وەک نووری پیاو چاکان**

**تا بەیان بڵێسەی نێڵە نێڵ**

**سەردەکا و**

**خامۆشبوون نازانێ..!**

**هەر دەڵێی "سۆفی"یە و**

**لە عیشقی خودای خۆی**

**خەڵوەتی گرداوە**

لە پێناو تۆزقاڵە ئیمانێ..!

لە شیعری "هەواڵ"دا شاعیر پێشبینیی گەڕانەوەی کردووە، لە ساڵی ڕوودانی جینۆسایدا "ئەنفال"دا بێ هیوا نەبووە، بەڵکو پێشبینیی کۆتایی هاتنی ئەو مەرگەساتەی کردووە و دڵنیا بووە کە جارێکی دیکە گوندەکان ئاودان دەکرێنەوە. ئەو دەڵێت ملوانکەی کچە کوردێک دزراوە و دەدۆزرێتەوە و چی کات ئەو کاتەی کە عێل بەرەو ئامێزی گوندی باوباپیر دەگەڕێتەوە:

**دەبێ کەی ملوانکەی هەواڵی بێتەوە هەواڵی بێتەوە؟!**

**ئەو کاتەی:**

**عێل بەرەو کۆشی گوند دێتەوە...!**

هەروەها لە شیعری "دوو جار یەک چرپە"دا پێشبینیی هیوابڕاویی دوژمن دەکات، کە ناتوانێ زاڵ بێت بەسەرماندا و بمانکات بەدوو بەرەوە، بەڵکو لە داخاندا زەنگ دەبات و

مــەرگی بەنــســیب دەبێت، چونکە یەکگرتن و برایەتی دروست دەکــرێتــەوە و راپــەڕین روو دەدات: شیعرەکە لە ٢٣/٩/ ١٩٩٠دا نووسراوە، بەپێنج مانگ و چەند رۆژێک دوای ئەوە لە ٥/٣/١٩٩١دا راپەڕین رووی داوە:

**١- زەنگی برد لە داخا**
**ئاوێنە...**
**کە زانی ناتوانێ**
**وێنەکەم بکاتە،**
**دوو وێنە..!**
**٢- گیانی خۆی لە دەست دا**
**شەوە زەنگ**
**کە زانی ناتوانێ**
**بەتروسکەی چاوانم**
**ببا زەنگ..!!**

**جاڕ دەدەین بە گشت دنیای بەریندا**
**وەرن، ئەی برسی و بێنازەکانی**
**ئەستێرەی زەوی، هەمووتان وەرن..!**
**لەم باخچەی عەشق و ئارامییەدا،**
**تێر پشوو دەن و**
**هەر یەکێ چەپکێ،**
**گوڵی سۆز بەرن..!**

فــایەق نامــۆ ئاگــای لە رابردووی نەتەوەکــەی هەیە و ئەو مــێــژووەیشی بەباشی خوێندووەتەوە، هەر بۆیە وەک پێویست دەستی داوەتە نووسینی داستانی شیعری، کە ئەویش "داستانی خولەپیزە"یە.

لە شاعیرانی ئێستا داستاننووسیان تێدا نییە، بەتایبەتیش کە داستانێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بەهێز بێت و لەسەر شانۆیش دواتر نمایش بکرێت و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت.

شاعیر لە داستانی "خولەپیزە"دا چەند کێشێکی جیاوازیشی بەکار هێناوە،

کە بەڕاستی هونەری تێدا نواندووە. کە دەبێتە هۆی زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر. ئەوەشی بەکەڵکی نمایشکاران دێت لە کاتی نواندن و گفتوگۆکاندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بۆ ئەوەی گوێی جەماوەر، یاخۆ بڵێین: خوێنەر هەست بەجیاوازی قسەکان بکات و لەززەتێکیش لە کاتی گۆڕینی کێشەکاندا لە گفتوگۆکان وەربگرێت، بەتایبەتی لە کاتی ناو داستانەکەدا لەسەر شانۆدا و لە هەمان کاتیشدا خوێنەر چێژ و تامی خۆشی لێ وەربگرێت. ئەمەش کێشە جۆراوجۆرەکان کە بەکارهێنران:

**ئاخ و داخ هەزار ئاخ**
**بۆ هێزێ**
**بۆ مەردێ**
**بۆ دەستێ**
**پاوانی تەمەنی ئەم خەڵکە**
**ئاگر بڕ بکات و**
**مەچەکی پڕ گریان ببەستێ**

ئەمەش جۆرە کێشێکی دیکەی بەکار هاتووە:

**چ ژانێکە**
**ئەم وڵاتەی بێشکە ئاسا تیا دەژەنرێ**
**چ "مجلس"ی شاهانێکە،**
**لە جیاتی باز پەپووی شوومی تیا هەڵدەدرێ**

ئەمەش کێشی سێیەمە کە بەکاری هێناوە:

**- ئێمە هەرسێکمان**
**توێشەبەرەین، بۆ کاروانی سووری**
**ئەم ئێوارەیە**
**گۆرانی ئێمە**
**گۆرانی ئێمە کڵپەی ئاگری**
**ژێر سەهۆڵبەندانی ئەم شەوگارەیە**

شایانی ئاماژە پێکردنە کەوا ئەم داستانە شیعرییە لە ماوەی نێوان ٧/٣-

١٩٨٨/١١/١٢ دا له شـارۆچكەی چەمـچـەمـاڵدا نووسـراوه. واته يەكـێكه له شـيـعـره سـەرەتاكـانی دەسـتـپـێكی شـيـعـری فـايەق نامـۆی شـاعـير. بەڕاسـتی ئەمـەش جـێگەی دەستخۆشييه.

له كۆتايی كۆشيعرەكەدا ئۆپەرێتێكی مندالآنەی جوان و نـاسک و هـەمان كـات بەهێز و كاريگەری بەناوی "ئۆپەرێتی رووبارە گەورەی هەرێم" نووسيوه.

ئەو ئۆپەرێتـه له نێـوان رۆژانی ٨-١٩٩٤/٣/١٥دا كـه ديسـان هـەر له شـارۆچكەی چەمچەماڵدا نووسيويەتی.

واته ٢١ مـانگ و چەند رۆژێک دوای هەڵبـژاردن و دروسـتكردنی حكوومـەتی هەرێمی كوردستان نووسيويەتی.

ئەم ئۆپەرێته گيانی نيشتمان و نەتەوه پەروەريی تێدا بەرجەسته كراوه و شيعرگەلێكی فـێـركـاری چاكی بۆ مندالآن تێدا نووسراوەتەوه لەسەر پاراستنی ئەزمـوونی نوێی كوردستان:

كۆرس:

**وەرن گشت وەكو برا**

**راستی بكەن بەچرا**

**دڵسۆزبن بۆ ئەم خاكه**

**بۆ ئەم رووبارە پاكه**

**با چی دی ناوبژيوان**

**رووبار بەش نەكات لێتان**

**ئەو لەسەر زەرەرتان بوو**

**تينووی خوێنی سەرتان بوو**

**رووبار بەبێ بەشكردن**

**بۆ گشتان بێ تا مردن**